# مادده‌ی 140 هه‌رگیز به‌ نیازی جێبه‌جێكردن نه‌بووه‌

**سیروان كاروانی**

له‌ كاتی به‌ستنی كۆنگره‌ی ئۆپۆزیسیۆنه‌كانی عێراق له‌ له‌نده‌ن، هه‌موو ئه‌ندامان له‌سه‌ر چه‌ند خاڵێكی گرنگ سه‌باره‌ت به‌ دواڕۆژی عێراقی عه‌ره‌بی ڕێككه‌وتن و ئه‌و به‌ڵێنه‌یان بۆ یه‌كتری دووپات كرده‌وه‌ كه‌ هه‌ركه‌س له‌لایه‌ن خۆیه‌وه‌ پابه‌ند ده‌بێت به‌ خاڵه‌كانی ناو ئه‌و ڕێككه‌وتنه‌ی كه‌ له‌سه‌ری پێكهاتوون. بۆ گه‌لی كورد له‌ كوردستاندا، یه‌ك له‌ خاڵه‌ گرنگه‌كان ئاساییكردنه‌وه‌ی بارودۆخی ناو شاری كه‌ركووك و ده‌ڤه‌ره‌كه‌ی بوو كه‌ له‌سه‌ر ده‌ستی چه‌ندین ساڵه‌ی ڕژێمی پێشوودا دووچاری جۆره‌ها كاره‌سات بووبووه‌وه‌. دوایه‌ ئه‌و خاڵه‌ له‌ 58-ه‌وه‌ بوو به‌ مادده‌ی 140 و هه‌تا ئێستاش ئه‌نجامێكی دڵخۆشكه‌ری تێدا نییه‌.

ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه‌ كورد هه‌میشه‌ له‌گه‌ڵ نه‌یاره‌كانیدا سه‌ڕاست بووه‌ و به‌ڵێنه‌كانی كه‌ داویه‌ به‌جێیانی گه‌یاندووه‌ كه‌ ئه‌وه‌ش زۆروه‌خت بۆ نیشتیمان و خه‌ڵكه‌كه‌ی كاره‌ساتی لێ كه‌وتۆته‌وه‌. ئه‌گه‌ر هه‌ر له‌ مێژووی ئه‌و ڕێككه‌وتنه‌وه‌ بڕواندرێ، ده‌بینرێ كه‌ لایه‌نی كوردی هه‌تا ئێستاش ته‌پڵی عێراقچێتی لێده‌داته‌وه‌ و زۆرجاریش بینیومانه‌ و بیستومانه‌ كه‌ له‌ هه‌موو خه‌ڵكێكی تر عێراقیتر بوونه‌، ئه‌گه‌رچی ئه‌و لێدوانانه‌ شێوه‌ ده‌ربڕین و هه‌ڵوێست نواندنێك بوونه‌ كه‌ ته‌نانه‌ت خودی خۆشیان باوه‌ڕیان پێ نه‌بووه‌ نه‌وه‌ك ئه‌وانه‌ی كه‌ مێژوویه‌كی دوورودرێژه‌ كورد له‌ خشته‌ ده‌به‌ن. ئاخر هه‌ر ئه‌وان بوونه‌ كاتێك پێویستیان به‌ كورد بووه‌ و به‌كاریان هێناوه‌، ئه‌وان شه‌ڕی جووله‌كه‌ و شه‌ڕی ئه‌رمه‌نییان به‌ كورد كرد، شه‌ڕی یه‌كترییان له‌ كاتی گرژیی ناو خۆیاندا به‌ كورد كرد و له‌ هه‌موو لایه‌كه‌وه‌ ناوی كوردیان پیس كرد و هه‌وڵیان دا زمانی كوردیش په‌رت و بڵاو بكه‌ن و به‌ زاراوه‌كانییه‌وه‌ له‌ هه‌ناوی زمانه‌كانی خۆیاندا بیتوێننه‌وه‌.

ڕژێمی پێشووی حوكمڕان له‌ عێراقدا چه‌ندین ساڵ بوو خه‌ریكی ته‌عریبی لایه‌كی كوردستان بوو و به‌تایبه‌تی ده‌ڤه‌ری كه‌ركووك و پێش ئه‌وه‌ش ناوچه‌كانی مووسڵ. ئه‌و هه‌وڵانه‌ی ڕژێم به‌گوێره‌ی نه‌خشه‌یه‌كی له‌مێژ ئیشبۆكردوو بوو، بۆیه‌ هه‌ر به‌گوێره‌ی پلانه‌كانی خۆیان كاریان بۆ كرد و زۆر له‌و ناوچانه‌یان له‌ كوردیبوون سڕییه‌وه‌ و زۆر شوێنی تریشیان به‌ ناوی گه‌ره‌ك و دێهاتی عه‌ره‌بییه‌وه‌ كرده‌وه‌ و عه‌ره‌بی ناوچه‌كانی خوارووی ئه‌و وڵاته‌یان تێدا جێنشین كرد. ئه‌و شتانه‌ هه‌موو به‌به‌ر چاوی كورده‌وه‌ن.

ئه‌وه‌ی ئێستا گه‌لی كورد چاوی تێبڕیوه‌ بۆ ئاساییكردنه‌وه‌ی ئه‌و شاره‌ كوردییه‌، هه‌ر مادده‌ی 140-ه‌ كه‌ ڕۆژانه‌ ده‌بیسترێته‌وه‌ و ده‌یڵێنه‌وه‌ و ئه‌وه‌ش كه‌ هیوایه‌كی ئه‌وتۆی تێدا نییه‌ هه‌ر ئه‌و مادده‌یه‌یه‌، چونكه‌ ئه‌وه‌ هه‌رگیز له‌ ناخه‌وه‌ قابیلی قبووڵكردن نه‌بووه‌ له‌لایه‌ن حكومه‌تی یه‌ك له‌دوای یه‌كی عێراقه‌وه‌ و ئه‌وه‌ش كه‌ ده‌گوترێ ته‌نها به‌سه‌ربردنی كاته‌. ئێستا كه‌ ته‌نها ساڵێك ماوه‌ بۆ كۆتاییپێهێنانی ئه‌و ئه‌ركه‌، تازه‌ دێن و لیژنه‌ پێكده‌هێنن و له‌ولاوه‌ش حكومه‌تی ناوه‌ندی به‌ ئاره‌زووی خۆی و بێ گوێدانه‌ به‌رپرسیارییه‌تی گۆڕان له‌ شوێنی هه‌ستیار سه‌باره‌ت به‌و مه‌سه‌له‌یه‌دا ده‌كات.

ئەو ئەركە مێژووییەی لایەنی كوردیی بەشداربوو لە حكومەت و بەتایبەت ئەو كەسانەی كە بۆ ئەو لیژنەیە دەستنیشان كراون و كارێكی سەختیان گرتۆتە ئەستۆ و هەموو كوردێكی دڵسۆز و خەمخۆر بۆ كێشەی كەركووك دەكەوێتە ئەستۆیان، دەستبەجێ هەنگاونان و گووشار بۆهێنان بە كردەوە بۆ كاركردن لەو كێشەیەیە هەرچەندە لایەنی دەرەكی هەتا توانیویانە كێشەكەیان كپ كردۆتەوە و لە دەرفەتێك دەگەڕێن كە بەهۆی هاتنەپێشەوەی ڕووداوێكی گەورەترەوە كێشەی كەركووك فەرامۆش بكرێت و دیارە لەو ڕەوشە ئاڵۆزەی ئەمڕۆ عێراق پێیدا گوزەر دەكات، ئەگەری ڕووداوێكی گەورەی لەو شێوەیە زۆرە. بەوەش گوتەكەی سەرانی ڕژێمی پێشوو دێتە دی كە دەیانگوت چۆن فەلەستینییەكان بۆ قودس دەناڵێنن، دەبێت ئێوەش هەروا بۆ كەركووك بناڵێنن.

ئەو مەترسییانە ئەوەمان دەهێنێتە پێش چاو كە ئەگەر كورد لە داهاتی هەموو نەوتەكەی كەركووك خۆش بێت، ئەوا نابێت لە كوردستانیبوونی شارەكە خۆش بێت و پێویستە زۆر بەئاگایی و بە هەموو توانای خۆیەوە كار بۆ ئەو ئەركە نەتەوەییە بكات.

2006.11.30